# (ڕووداو) لە نێوان نیشتمان و پارە

**یونس حەمەد رەشید**

کردنەوەی کەناڵی ڕووداو تەنیا ڕوداوێکی گەورەی میدیایی نیە، بەڵکو دەکرێ شیکردنەوەو لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ بکرێ وەك حەدەسێکی سیاسی و جڤاکی و کەلتوری و نیشتمانی و ئابوری زیاتریش، هەر لەگەڵ یەکەم سەیرکردنی شاشە ئێچ دییەکە و گرافیک و سایتی ئەلیکترۆنی و خێرایی گواستنەوەی هەواڵەکان، ڕاستەوخۆ بۆت دەردەکەوێ کە ئەم تەلەفزیۆنە لە ڕووی تەکنیکیی و کوالیتییەوە تاك و دەگمەنە، نە تەنێ لە باشور بەڵکو سەرتاسەری کوردستان، بەهەمان شێوە بێژەر و پێشکەشکاران و کارمەندانی بەگشتی لە باشترین ڕاگەیاندکارە بەتوانا و بە ئەزمونەکانی کوردستانن کە پێشتر لە میدیاکانی حزبی و ئەهلی و ئۆپۆزسیۆنیش کاریان کردوە و خەڵکی هەر چوارپارچەی کوردستانیان تێدایە، لە ڕوی گوتار و ستراتیژیش تۆڕی ڕووداو دیدێکی پان کوردیی نەتەوەیی لێ بەدییدەکرێت و لە سنوری لۆکالیی دەرچووەو پەیوەست نیە بە سنورێکی جوگرافی دیاریکراو، بەم پەخشە سەرتاسەرییەی، ڕووداو دەتوانێ هەمو چین و توێژە جیاوەزەکانی کوردستانی گەورە لە یەکتر نزیک بکاتەوە کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی بەهێزکردنی زمان و کەلتوری کوردی.

لە سەر ئاستی کوردستانی گەورە جێی دڵخۆشیەکی گەورەیە و دەکرێت بە کەناڵی ئەلجەزیرە بەراوردبکرێت لە چەندین ڕووەوە وەك ئاڕاستەی نەتەوەیی و پرۆفیشنالی شێوازەکەی، هەروەها دور نیە لە داهاتو بەهێزترین کاریگەری بکات لە ئەجێندای سیاسی، ڕەنگە تەرکیزی رۆژنامەوانی لە هەرێم هاوسەنگتر بکات لە ڕوی جوگرافییەوە بەو پێیەی کە بارەگای سەرەکی لە هەولێرە، دەرکەوتنی ئەم کەناڵە بەمشێوە سەرنجراکێشە ڕاستییەك دەسەلمێنێ کە ئەم تۆرە میدیا زەبەلاحە سەرچاوەیەکی دارایی یەکجار گەورەی لە پشتە، هەربۆیە پێش لەدایکبونیەوە بوەتە جێی چەندین سەرنج و پرسیار و گومانی چاودێرانی سیاسی و نوسەران و ڕای گشتی، هەندێ کەس پێیانوایە کەناڵەکە بەپارەی نەوت کراوەتەوە ، بیروبۆچونی دی ئەوەیە کە ئەمیش یەکێکە لە میدیا سێبەرەکانی پارتی ، سەبارەت بەوەی کە ڕووداو لەسەر داهاتی گشتی دامەزراوە لەلایەك لەبەرئەوەیە چونکە بارەگای سەرەکی لە هەولێرە و لەبن نفوزی پارتیە، لەلایەکی تر قەبارەی خەرجی ئەو کەناڵەیە، ئەگینا ئەو جۆرە گومانانە لەسەر کەناڵ و پرۆژە عیملاقەکانی ناوچەی

کەسك زۆر کەمترن، بۆیە دور نیە و دەکرێت وەک خۆیان ئیدیعای بۆ دەکەن کۆمپانیایەکی ئەهلی بێت و بیەوێ لە بواری ڕاگەیاندن وەبەرهێنان بکات، زۆر بەئاسانیش دەتوانێ پرنسیپەکانی بێلایەنی و بابەتیانە و هاوسەنگی پەیرەو بکات، بەڵام ئەوەی کە نالۆژیکیەو و ناچێتە عەقڵەوە ئەوەیە چۆن دەیناسورێکی ئاوها لە بازاڕێکی بچوکی میدیایی وەک کوردستان کە پڕە لە کەناڵی ئاسمانی و لۆکاڵی، دەتوانێ بە ڕێکلامی دۆشاوی تەماتەو برنجی بەسمەتی خۆی بژیێنێ، لە کاتێک کەناڵی جەزیرە بە وتەی خۆیان کە سەرەتا وەک پرۆژەیەکی ئابوری دامەزراون بەڵام تا ئێستا سەرەڕای ڕێکلامی دەوڵەتی گەشتیاری و گەورە کۆمپانیای جیهانی و هێڵە ئاسمانیەکان لەلایان، جگە لە زەرەر هیچ قازانجێکی داراییان نەکردوە، بەڵام لە ڕوی ئیعلامیی و کاریگەرییان لەسەر ئەجێندای عەرەبی بونەتە مەزنترین تۆڕی ناوچەکە.

لە ڕاستیدا نیگەرانیی هاتنەکایەی ئەو تۆڕە لە دوو خاڵی زۆر گرنگدایە ئەویش خاوەندارێتی و کۆنترۆلکردنیەتی، لە کاتێکدا بیانو زۆرن بۆ نەبونی دەولەت و زمانی ستاندارد بەڵام چ ڕێگرییەك هەیە لەبەردەم هەبونی میدیایەکی نیشتمانی، بۆچی ئەم کەناڵە لە لایەن حکومەتەوە دانەمەزراوە ، میدیا کە بە دەسەڵاتی چوارەم ئەژمار دەکرێت چۆن دەبێت بۆ سەرمایەدارن جێبهێڵدرێت، ئەگەرچی لە ئێرانەوە تا تورکیاو ئەوروپای ڕۆژئاواش کەناڵی سەرەکی دەوڵەت لەوپەڕی بێلایەنی و پیشەیین بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز باس لەوەناکرێت میدیای فەرمی و حکومی بدرێت بەکەرتی تایبەت، چونکە ڕۆڵ و ئەرکی میدیایەکی نیشیمانی چی وای کەمترنیە لە دامەزراوەیەکی وەک پەرلەمان و حکومەت، هەبونی میدیایەکی حکومی زەرورەتێکی بنەڕەتییە بۆ چەسپاندنی دیموکڕاتی و ئازادی ڕادەربڕین و هەواڵ و زانیاری دان بە هاوڵاتی، هەروەها بۆ بەهێزکردن و گەشەپێدانی زمان و کەلتور و ناسنامە و دەیان ئەرکی دیکەی گرنگ، بۆیە ناکرێت وەك پرۆژەیەکی ئابوری سەیری ئەم کایە گرنگەی کۆمەڵگا بکرێت، ئەگەروابێت ئەوا دەزگای پەرلەمانیش بدرێتە کۆمپانیایەکی ئەڵمانی یان یابانی ئەوا بە دڵنیاییەوە لە خۆمانی باشتر بەڕێوە دەبەن، کۆمپانیایەک کە چاوی تەنیا لە بەرژەوەندی خاوەنەکانی بێ چ خەمێکی نیشتیمان دەخوا و چۆن متمانەی خەڵک بەدەست دێنێ، ڕووداو ئەگەر وەک خۆی دەڵێت کۆمپانیایەکی ئەهلیە پێویستە بە زوترین کات لە لایەن حکومەتەوە بکڕدرێت و کۆنترۆل بکرێت بۆ بەڕێوەبردنیش دەکرێت دەستەیەکی شارەزا لە میدیاکاران لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، گریمان ئەگەر پارتیش خاوەنی بێت وەک دەگوترێت، پێویستە دەزگاکە بخاتە ژێر کۆنترۆلی وەزارەتی ڕۆشنبیری دوور

لەدەستی بازرگانی و ڕێکلام، هەنگاوێکی لەمجۆرەش جگە لە سوود بۆ حزبێکی وەک پارتی کە گەورەترین و بەهەژمونترینە لە هەرێم، هیچ زیانێکی نابێت، بگرە متمانەی خەڵک بۆ ئەم حزبە زیاتر دەکات بەتایبەتیش لە ئێستادا کە وادەی هەڵبژاردن نزیکبۆتەوە و هەرگیز نابێتە هەڕەشەیەک لەسەر ئەم پارتە.